# وشە دەچێنم..

د . نەوزاد یەحیا باجگر

پێشكەشه بە:

- دایك و باوكم..
- ئەوانەی ڕێز لە سروشت و مرۆڤایەتی دەگرن..

د . نەوزاد یەحیا باجگر

# پێشەکی

وەچەی مرۆڤ هەڵگری سیفەتی هونەرمەندین، هەندێکیان ئەم سیفەتەیان تیادا دەردەکەوێت زیاتر لەوانی تر، هەندێکیشیان سیفەتەکە ون دەکەن یان لێ ی ون دەکرێت، وە بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی ئاسایی، دەژێت و بیر دەکاتەوەو دواتر ون دەبێت، هەروەک کەسانی ئاسایی، بەڵام هەندێک مرۆڤ هەیە، لەسەرەتای ژیانییەوە هەوڵدەدات ئەم سیفەتە برەو پێ بدات کە خوا پێ ی بەخشیویەتە مرۆڤ، واتە ئاستی هونەری لەهەر بوارێکدا بێت، بەمەش هەوڵدەدات خزمەتێک بگەیەنێتەخۆی و سروشت و کۆمەڵگەکەی و مرۆڤایەتی، لێرەدا وابزانم ئەم مرۆڤە توانیویەتی دەربڕینێک و جوڵەو بەخششێکی ویژدانی هەیە کە شیاو بێت بە خودی مرۆیی ڕاستەقینە.

بەڕاشکاوی دەڵێم من شاعیر یان هونەرمەندێکی دەست باڵا نیم، بەڵام ئەم سیفەتە لەلای بەندە هەر لەمنداڵییەوە دووچاری هەڵچوون بووە لەناخمدا، بەڵام هەلومەرجی پێشتر لواو نەبووە بۆم بۆ دەربڕینی هەستەکانی، تەنها لە کاتێکی درەنگە وەخت نەبێت، بەڵام کۆششم کردووە بەربەستە جۆراوجۆرەکان وەلا نێم و بپەڕمەوە ئاقاری هونەر و شیعر، بۆیە دەستم کرد بە نووسینی گرۆگاڵەکانی ناخ و، وێنەکێشانی بیروهزری خۆم لەسەر ڕوویەری پەڕاوو تابلۆکانم، کە دەربڕینن لە هەست ونەستەکانی خۆم بەرامبەر بوون و ژیان و سروشت و ئەویەری سروشت بە گرۆگاڵە ناخییەکانم. هەرچەندە هەردوو خامەی نووسین و وێنەکێشان دەستەپاچە وەستاون و، ناتوانن تاکو ئێستا وەکو ئەوەی دەمەوێ، دەربڕینەکانم بخەنە نێو چوارچێوەی ویستەکانم، بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی کە ترۆپکی باوەڕمە بەئاستی پێویست بگەیەنمە خوێنەرو بینەر، بەڵام هەرچۆن بێت، سوپاس بۆ یەزدان بۆ ئەم برە بەهرە هونەری و شیعرییەی بەخشیوە پێمان بۆ ئەوەی بتوانین هەندێک دەرپرین لە ناخمان بکێن، ستایش بۆ یەزدان خاوەن سەرەتا و کۆتایی بوون.

لێرەدا پێویستە تۆزێک بەندە بناسێنم بە خوێنەری ئەم چەند دێڕە، کێم من، من براتان کوڕی سروشت و مرۆڤایەتی، ئەوزاد یەحیا سەعید باجگر، لە دایک بووی 28ی شوباتی 1948 لەشاری هەولێری دێرین، پایتەختی کوردستان\عیراق، باوکی سێ کچ و کوڕێکم لە خێزانی بەڕێزم سۆزان شەریف، بە زمانەکانی کوردی وعەرەبی و تورکی وئینگلیزی دەدوێم، من کورد نەتەوەم، کوردستان وڵاتی دایکە، عیراقیم،ڕۆشنبیریم عەرەبییە، شارستانیەتم تورکییە، باوەڕی ئاینیم ئیسلامە، باوەڕی کەسی پرەنسیپی مرۆڤایەتی و ویژدان ئامێزییە، جیهان وڵاتمە.

پلە زانستییەکانم، بریتین لە: دەرچووی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ لە ساڵە


1974 پلەی پسپۆڕی نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆرییەکانی خوێن، لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە لەساڵی 1987 نەشتەرکاری ڕاوێژکاری لە نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆرییەکانی خوێن، ئەندامی کۆمەڵەی جیهانی پزیشکانی نەشتەرگەری دڵ و سینگ، ئەندامی کۆمەڵەی ئاسیای پزیشکانی نەشتەرگەری دڵ و سینگ، ئەندام لە کۆمەڵەو سەندیکا پیشەییە عیراقی وعەرەبییەکان، وەئەندام لە هەردوو سەندیکای پزیشکان و ڕۆژنامەنووسان.

لە پاڵ ئەمانەی سەرەوە، لە ژیانمدا خۆم لە بەخشش بۆ گەل ونیشتمانم ولا نەناوە ئەوەی لەسنووری توانامدا بوویێت کردوومە، چاوم ناچێتە خەو و دڵم ئارام نابێت، تاکو گەلەکەم نەبینم لە ژیانێکی بەختەوەرو ئازاد نەژین، وە تاکو گەل ولاتەکەم و لەپاڵ گەلان و ولاتانی جیهان نەبینم لە ئارامی و پێشکەوتوویی و ئازادی شادومان نەژین.

بۆیە دامەزراندنی زانکۆی جیهان لە پایتەختی هەرێمی کوردستان\عیراق لەساڵی 2007 ئاواتێکی دێرینم بوو بۆ بەخششێک بۆ گەلەکەم وولاتەکەم، کە چەندین ساڵ بوو ئەم بیرۆکەیە خەوانی شەوی دەزڕاندم، بەیارمەتی خوداو خێرویستانی ولات، ئێستا بەرپرسێتی سەرۆکی ئەمینداریتییەکانی ئەم زانکۆیەم و، وە لەگەڵ دکتۆر وەلید خالید، یەکەم سەنتەری نەشتەرگەری دڵمان لە ساڵی 1982 لەشاری هەولێر دامەزراند، هەروەها دامەزرێنەری بانکی جیهانم لەسەر بنچینەو بنەمانی ئابوری ئیسلامی، بۆ بەدەمەوە چوونی ویست وخواستەکانی ڕۆڵە بازرگان و وەبەرهێنەکانی شارەکەم و عیراق و عەرەبی، هەروەها کۆمەڵەی سۆزداری بۆ ئاژەلان، کۆمەڵەی پاراستنی ژینگە و، ڕادیۆو تەلەفزیۆنی جیهان و، هەردوو دەزگای وەبەرهێنانی پەروەردەیی، وخێرخوازی، هەروەها دامەزرێنەری کۆمەڵی کۆمپانیاکانی گروپی جیهان.

لەکۆتاییدا، ئارەزوو دەکەم، دەبڕینەکانی سۆزو خەیاڵ وهزری خود بەوشەو ڕەنگەکان دەربڕم،هەروەها زۆر گەشتیاری ناوەوەو دەرەوەی ناخی خۆمم کردووە، هەندێک جار چێژ لە چاندنی وشەکان دەکەم، بەڵکو ڕۆژێک لەڕۆژان خونچەیەک بێتە ئاراوەو گوڵ و گوڵزاری لێ بکەوێتەوە بۆ ئەوانەی هاوسۆز یان دژسۆزن، ڕەنگەکانی تابلۆکان فرمێسکەکانی چاوم و گروگاڵەکانی ناخ و دەربڕینە لە خۆشەویستییەکانم بۆ مرۆڤ و سروشت و ژیان، بەزمانی فڵچە ڕەنگەکان دەیڕژێنمە سەر ڕووی تابلۆکانم، ستایش بۆخواو سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک.

د . ئەوزاد یەحیا باجگر





## سیمفۆنیای هەڵەبجە

تەزوێر .. تاڵ هەڵات
خودا ... زۆر تووڕەیە
ئاسمان ... بۆنی ڤین . ی ..یە
خنکاندن .. لە ئاسمان ئەبارێ
ئامانجی ... ژیان ڕزگاریە
ژیـان ... هەڵات
مناڵ .. لەناوکەوە دوو پارچە
سەگ .. چاو زەق مردوە
بەرد .. ڕزیيە
دار ... وزەیی زەویە
بەڵام ئاوات .. نەمرد
ڕۆژ لەهەڵاتن .. دەوامی کرد
سەدام ... ملی درێژ بوو
بەدەستم نەبوو .. بە دڵم بوو
لکاو .. خۆرەکانی
هەتا دوا... نەفس
ئاسمانی .. جوانیان سووتاند
ئاوەدانی .. ئاوەدان بۆوە
ژان .. بێ ئازار بوو
وڵات .. خاک ... مرۆڤ .. ئازاد بوو



## تیرۆر

تیرۆر دەست پێ ئــەکا
کە بە منداڵ ئەڵێی قسە مەکا
تۆ منداڵی ......
کە بە کیژۆلە ئەڵێی وس بە
تۆ کچی .....
هەتا بۆ ئەوانی خۆیان
ئەتەقێنن لە مــزگەوت
ئەڵێن بۆ خوا
هەموو .. ئەوانە ئێمە دروستمان کردوون
سیاسەت مەدارەکانیش .. بۆ خۆیان بردوون

## بارانی ... دوایی

هەڵوژەی .. ماڵ ئاوایی
هەرزەنی .. تەیروتوانی
هەورۆیان ... بەست
بۆ بارانی ... دوایی


ناز... و چار دوان
2007

## خەلوزم

سەربەستم .. کە
لە لەیلای مردن
ئالۆزم .. کە
خەلوزم کە
لە .. زستان بردن
بە خونچەی بەهار
بمبەستە
بە ئاواتی ...... یەکجار

## هەستی میکانیزمی

پەلکی دار فستق...ی
گۆڕی باپیرە حجی سەعید
کالسیۆمی ئێسکی وی تێدایە
هێزی سورانی ژیان پەروەری تێدایە
بۆنی ئەکەم هەستی پێ ئەکەم
بەچی ئەندامی لەشم ؟
نازانم !!
بەڵام . هەستی میکانیزمی ئەکەم



2007

## مێشک

که مێشک نازانی
چی ی ئەوێ
دڵ بەڕەڵا .. بێ خاوەن ئەبێ
کات بێ قیمەت ئەبێ

## ڕەسمەکانم

ڕەسمەکانم
نەقشی ژیانمە
بەڕەنگ و شێواز
نەخشی دەرونمە
فکر و تێبینی ڕەسم ئەکەم
بە شعر و ڕەسم مێشکم بەتاڵ ئەکەم
حەسانەوەی یەکجاریە
گاڵتە بە مردن ئەکەم



## توانەوە

دڵۆپەیەک لە خۆشی و خۆشەویستیت
دەریا ئەکاتە هەنگین
مسقاڵێ ڕەحمەتت
شەیتان ئەکاتە پـــەری
چۆن لە خۆشەویستیت نەتوێمەوە

## DNA

بنجە ... خۆی بێ سنور
هەموو مێشکێک
لە وەڵاتی ئێمە
دوانی تێدایە
یەک بۆو ئەوانی تر
یەک بۆ خۆیانە
حەوت ڕوح
حەفتاو . هەشت ڕەوشت
خاوەن . ژیانمانە
DNA ئارادەستی سویمانە



## سێ کوچکەی مەنتیق

خوا . خوڵقاندنی کەون
ژیــان .. چۆن
عەقل .... چۆن بون
خودا ..و..ژین..و..عەقل
سێ کوچکەی
مەنتیق

## هەولێر

هەولێر ....
ئاگر بارانی هاوین
لە بەفر بارینی لەندەن خۆشترە
نەزانینی ئاسودەیی نەزانینمان
زاناتــرە .. لە زانینی .. زانایان
بەڵام . ڕاستگۆمان
لەگەڵ ئاخمان
هەرزانترە



## وشک بوون

کوردستان هیشک دەبێ
ئاگامان لێی نیە
ئەمرۆ هیشکتر ڕۆژ لەژیانم
تاڤگەی گەلی عەلی بەگ هیشک بووە
کانی جوندیان ئاوی غور بووە
هەر کەس لەخێزان ئوتومبێلێک فرێ بدە
بۆ هەر نەفەر دوو دارمان ئەوێ
ڕۆلە دەریاشمان نییە
ئاوی لێ دەربێنن خوێ لیشمەی بکەین

## نابێتە نان

گەنم .. نەی هاڕی
نابێتە ئارد
بەئاو ... نەیشێلی
بە ئاگر ... نەیسوتێنی
نابێە نان
نان خۆراکی ئادەمیزادە
دانەوێلە ... بۆ ئاژەڵە
ئەمەیە سوودەکانی
کار ئەکەین ... بۆ کار
لەکوێیە ... سوودەکانی
ئەوی لە گەنمە
زۆرترە .. لە ئارد و نان


صراعي مع
جهل

کار ...بۆ کار ... ئەکەین
بەکارمان .. خۆمان ئاوەدان ئەکەین
خۆمان . دیلی ژیان ئەکەین
ڕووەکی مێشکمان .. بۆ ئەوە ئامادە ئەکەین
لە ملیارە . یەکی . ناگۆڕین
خۆمان.... دەسووڕێنین
وەک شەوقی ئارد .. بۆ .. ئاو
هەتا ببێتە نان
ئەبێ ..... بسووتێ
لە شەوقیان تێر .. ئەبێ

## ژیان .. بەردەوامە

ئاو ..... ئەکولێ
ئەبێتە هەڵم .. ئەفڕێ
بەساردی یەگدان ... ئەبنە ئاو
لە بۆنە هەڵم .... وەردەگری گەرمی
لە بۆنە ئاو ... دەداتن گەرمی
هەردوو .. لایان .. یەکسانە
بۆیە ژیان .. بەردەوامە




## چار ...دان

چار ...دان
لە ئاسودەیی دوانان
هەستی چاو یەکتری بێ هێزان
هێزی ئاگری چڵ ساڵ گڕپی دا
لە چڵ چرکــــــــە

## نەزانن

ئــاو .. ئـــــاودان
خەمکی ڕوناکی بێ تاوان
ڕۆژیان تاریک
شەویان سەرسمن
هەموویان نەزانن
زانستی زانین
هەڵکەوت لە ڕۆژهەڵات



## ڕۆژهەڵات

بەرماڵی ... دایە حجی
سۆر و زەرد و سپی
سپی ڕۆژهەڵات
سوری ڕۆژئاوا
بەینیان .. ڕەنگی خەڵات
خەڵاتی ڕۆژئاواوە
خەڵاتی ڕۆژهەڵات
کەمیان هەڵات
چیان ما
کەمیان هەڵات
ڕۆژ ئاوا . یان . ڕۆژهەڵات

## سروودی زانکۆی جیهان

زانکۆی جیهان
هەتا کوردستان ئاوەدان
زانست . ئاشتی بۆ هەمووان
ئاواتمان ... ئاواتمان
جیهانێکی بێ سنوور
بە خۆشەویستی مەسرور
بە خۆشەویستی ژیان



**له ژێر ئەهدافی نیشتیمان**

عەرد و بەرد مرۆڤ ئەسووتێنن
ئەگەر لە سەرکردایەتی نەمان
خیانەت ئەچنن
هەر نەبوو پارتێکی تر ئەخوڵقێنن
سیاسەت لە کنیان
دەرگای سامانە
هێزی باری حوکمدارانە

**بخەوە بە ڕەحەتی**

قەڵای ئەربا ... ئیلۆ
شاخی هەولێر
ئەمێنێ

**باخچەی .. نیشتیمان**

ناز ....... و چارددان
خۆم و ... ناز...ە..جوانەکەم
فیدات...بین...کوردستان
بە...دووان
بە...دەیان
خۆێنمان .. بۆ...ئاوەدانی کوردستان
دڵۆپە ئاوە
بۆ .. باخچەی .. نیشتیمان
چـــــار ... لایەنی



چارگۆشەم
دانیان گەستە
گۆشتی ماسولکەم
دانیان شکا
لە ناو .. گۆشتم
بێ دان مان ئەوان
منیش سارد بوو ئازارم
من .. بەرەو .. لوتکە
ئەوانیش .... لە لوتکەیان بۆ خوارەوە

## هاوبەشی ناخمان

میران .. بابە مامەت خۆشەوێ
گیانەکانم .. دونیا و .. سامانی
بیخە بن ... پێی دایکت
سۆزانەکەم ... بەسەنگترە
جوانترە
بەهێزترە
ئاوەدانی ژیان بەوی پەسندترە
خۆشەویستیمان دروست کرد
هاوبەشی ناخمان خەست کرد
جوانی رەوشتمان بتەو کرد
بوینە .. یەک ئاوات



## مۆسیقا

مامەی مۆسیقا ژەن
وشەی ساز کۆکەوە
بیدەرێ بۆنی هەناست
بیشێلە بە فرمێسکت
تا بیخۆن ئاوازی گەرمت

## بشێلن

بابێن بە دەنگەکانی خودا
ئێسکم ورد کەن
بە گۆشتم بشێلن
بینێژن لە ناو
دەنگی بروسک
و تیشکی تیشک



## سۆزان

ئای .. ئای .... سۆزان گیان
زۆر دڵ تەنگم .......... زۆر
نەزانی میللەت .. نەدیتەی دونیایان
دونیایان لە بیر چۆوە .. خۆشیان
ئاوەدانی بوویتە .. نەزانی
خۆشەویستی چوویتە .. چوارەمین نهۆم
نازانم .. چۆنە .. یارمەتیان
هەموو چاغ ... چاغدار .. کفرە
هەموو جوانی . ڕەوشتیان . لەلایان ڕەشە
خودایی خۆشەوێ .. جوانی زەوی
لە بیریان ... چووە ...
خودایە یارمەتی بۆ یارمەتیان ... بۆ یارمەتی . مــــــــن
چووینە .. ئاواتیان
هاتینە .. وڵاتیان
وڵاتمان غەریبە .. لێمان
غەریبین لە وڵاتمان
وڵاتمان گوناهی نیە
ئێمە نازانین
نەزانین لە لامان نیە
زانایی هەموو شتین
هیچ شتیش نازانین
خودایە .. کون .. فیکونک . بکە
مێشکمان سکالا
رەوشتمان سکالا
ئاواتمان بێ خاڵ
لەم دەردە .. ڕزگارمان بکە


1946.
1975
living

## ئەزانم

ئەزانم ... ناشزانین
خودایە یارمەتیمان بدە ... بزانین
زانا .. زان .. زانستی .. تۆی
هەندێک لەهەمووی بەخشاوی بۆمان
تکایە . وابکە بەکاری بێنین
بەکاری بێنین . ئەوی لە مێشکمانت
داناوە . داناوە
هێزمان بدەی بەکاری باش
وەک باش وەستای زۆر باش
بەکاری بێنین...... خودایە



## تراخ

مام . جۆلا
ئاکری . چای پەستتی کۆلا
ئارامی . لەچنینی جاجمی باڵا
فێری کردووی
هێدی . هێدی . ڕیز . ڕیز
تراخ .. تراخ
دیقەتی . دێ . مافووری کاڵا




## باران

بارانی . بێ ئاو
هەوری . نفتاو
شاری . زوخاو
ماڵی . ڕوخاو
باران . لەهەور
ماڵ لە شار
ڕاستییەکەی...... ڕاستە
ئەوی تری .... ڕوخـــــــاو

## کێل

بەردی .. کێلی قەبرم
وەختە ... ببێتە مەرگم
مەرگم دوای درێژایی ژیانمە
مەرگم . کۆتایی هەناسم
دەستپێکردنی روناکی فکرم





## شەڕی أربيلا

قەبرم ... لەمەيدانی
جەنگی داریوس ... ئەسكەندەر
شەڕی أربيلا
تيكەلە بوونی فكری
ڕۆژئاو .. و .. ڕۆژهەلأت
بەخوێنی هەردوولا
لە دەشتی .. أربيلا
بەردی بناغەی زانكۆی جيهان دانرا .. كوردستان ئاوەدان كرا


## مەشخەڵمان

مەشخەلمان
سەربەستی ... ئازادی .. زانست
مەڵبەندی يەكگرتنی
كورد .. ترك .. عارەب... فارس
ڕۆژهەلأتی ناوەندی يەكگرتوو
كوردم .. توركم
عەرەبم .. فارسم
بەندەی خودا
ئيسلامم . زەردەشتيم
گاورم .. جولەكەم
بۆديم .. كۆنفۆشيوسم
تەئوری فيكری خودايی
لە مێشكی ئينسانم


Halpja
16.3.201

## نازانین بۆ

وەک .. سەگ . و . گورگ
بەشەڕ دێین
بۆ شوان . و . گاوان
بۆ سەرکار . و .. ئاغا
نازانین بۆ .. یەکتر ئەپچڕێنین
بەخوێنمان یەکتر هار ئەکەین
بە ڤینمان سروشت ئەسوتێنین
زۆرمان . پلنگ ... شیرو .. کەمتیار
هێشتا نەبووینە خاوەن دەسەڵات
ملمان لەبن شێری جەلادمان ئەکەینە خەڵات




نەورزي رۆژ ...
د. نوزاد باجگر
1.1.2710

## لەقەڵەم ئەدەین

پارە لەلامان لەشەڕ خودایە
کوشتنی ژیان .. ئاوەدانیە
نەزانین نیە لە لامان
خۆمان ناناسین ... وڵاتمان شاخی سەوزی سەحرایە
ڕاستە کوردین ئێمە . بەڵام کورتین
هەڵاتوین ئێمە ... کەسیش بە داک و باب قەبوڵ ناکەین
دایک .. بابمان . نەفرەت ئەکەن لە ئێمە
تا بۆڕی دووان تێک ئەدەین
خۆشەویستی . ڤین لەقەڵەم ئەدەین
هیچ شتێک ڕێک پێک
نرخی نیە . جێگای نیە
لەلای ئێمە
دەبێ . خودایە . چی بین ئێمە

## ببینە....

خەیام . هەستە
ببینە....
وڵاتی فارس .. ئیسلام .. و. دونیا
ئەگەر فەلسەفەت نەیتوانی ...!؟
لێت نەگەیشتوون !... جەهالەتیان بێ سنوورە
زانایی .. بێ زانین باوە
جەهالەتیان ... هەویری بێ ئاوە




## ئاخ لە تەمبەڵیتان

خـــودایا ....
دەڵێین .. هیشکە ساڵە
ئـــــاو . لە گیو ..
ئەلێم .. زێی بەهدینان لەسەرەوە
زێی سۆران .... لەخوارەوە
دەچلە ... لە بنەوە
چیای پر بەفر لەباکورەوە
چیتان ئەوێ .. بە سۆندە بێنم ئاو بۆتان
بن دنکە گەنمتان
بی دوورم .. بی هاڕم
بیکەم بە نان .. بۆتان ...
ئاخ لە تەمبەڵیتان

## هەوێن

هەوێنی ماست .. گـــــەرمە
خەڵــــوزی سووتاو .. ساردە
خۆڵەمێشی .. ناردە
پەنگر .. بوو
ئێستا . خـــــۆ لە

14 تموز 1982


١٤ تموز

## انقلاب

انقلاب ..... هەرچەندە پێویست بی
زۆر . خەرابە
سەرو دێوی دەکە
ئاگر . ئاسان دەکا
ماڵ وێران دەکە
مێشک بەرەڵا دەکا
زومانی .. کەم زان درێژ دەکا
نەزان سەرکردە دەکا

## پێکەوە

هـــەر . چـــــەند
خۆشتم بۆی ... زۆر کەمە
لەژیان پێکەوە .. لە قیامەتیش
ســـــــــۆزان گیـان

## مەجاش

ئاردی سپی . و . مەجاش
کەپەک .. نیشەستە
هەموو لە گەنمن .. هەموو



## هەڵوەرانی بەرد

بەرد . و . قوم
یەکن
قورسە ... سووکە
تــوندە .. شپرزاوە
یەکگرتنی قوم ئەبنە بەرد
هەڵوەرینی بەرد .. ئەبێتە قوم
توانایان .. بەیەکگرتنە

## جیاوازی

جیاوازی ... تێ گەیشتن
شەرمەزاریە نیە
ئـــــــاوەدانیە
ڕوناکیـــــــــە

## نەزانین

چی ........ زۆر ناخۆشە
لە ملتت ....
نەزانینی .. ئەوانی تر
پێش مەرگایەتی ......
هەردەم پێویستە
بە پێویستەکانی چاغ



## بۆ عەبدولای حاجی محەمەد

بۆ عەبدولای حاجی محەمەد
(عەبدولا حەداد)
ساڵی 1965 لە دواناوەندی هەولێر
یەکترمان ناسی
توو ... عەبد
من ... ئەوە
مێژووی هەولێر
زامی دلێر
جوانی شلێر
گفتوگۆکەمان بوو
لە باغچەی گازینۆی
تەنیشت سینەمای سیروان
لەگەڵ چا ......
خەمی بێ دەسەڵاتی
گەشە پێدانی کوردایەتی
فەرهەنگی ڕەوشت
شەکرمان بوو
عەبد .. چوو
ئەوە ماوە
بەعەبدی عەبداتی ئەوە
بروامان وایە
بەزانستی ڕزگاری ئەبین
بەو ئەکادیمیەتەی خۆشی ژیان
کوردستان .. وڵات .. دروست ئەکەین
دڵنیا بە ....بنوو عەبدوڵا



## بەجێیان ناهێڵم

لەگەڵ خۆم دەرچوومە جـــــارێ
خـۆم و خـەمم
خەونی ڕۆژم
پێکەوە هاتینە دونیا
پێکەوە کەوتینە .. ڕێگا
بەجێیان ناهێڵم هەتا دوایی ڕێ

## خەم

تاڵی .. خەم شیرینە
ئەوی بێ خەم تاڵە
تاڵی ... و ... شیرین
تامی ژیان هەردوونە

## مــــــا ف

دوعای ڕزگاریمان قبوڵ کە
هەتا کەی گەردەلولی دوعامان بۆت بنێرین
هیچ ملەتت خوڵقاندووە
بە بێ مــــــا ف !



## رەوشت باشترە لە سامان

بە قوربانی .. باو .. باپیرانتان بــــم
ئاوەدانی کوردستانتان هێنایە دی
چارەنووسی ژیانمان هێنایە دی
31/3/1991 هەڵاتنمان
ئێمەی خستە باوەشی ئاخی دونیا
ئینجا زانیمان
زانست . بەهێزترە لە گولە .. تۆپ
رەوشت باشترە لە سامان
روناکی کولتورمان
ئاوەدانیە بۆ داهاتومان
مەدەنیەت .. دەوڵەت.. ئاواتمان

## (چاوت ببینم) ...

پێی گوتم ....
دەستم بگری ئەتاوێمەوە
تەماشام بکەی ....ئەبوریمەوە
ووتم ... رۆژی رووناکی
لێت ئەپارێمەوە
(چاوت ببینم) ...
بەخەندەت ئەژێمەوە



## نەزانین

ئەی ئەوانەی خۆتان
بەزانا .. نەزانن
زانا .. دونیا دێتنە
یان خوێندە .. یان خەیال کردنە
ئێوە هیچێکی تان .. نەکردووە
ئەڵێن نەزانین
چوون زانین

## ژوان

ژیان کژەکە
بی کەژێنە
ژان ماوەیەکە
نەبوونی بسەلمێنە
ژوانی نەکەی ژان
ژانیش بێ .... بیسووتێنە
ڕووناکی . جوانی
سەربەستی بچەسپێنە



## زیندانی

کێوە .. ئەچی .. ئەوزاد
کێوە ئەچم لەزیندانی خۆشەویستیت
خۆشتر . بەختەوەرتر
لەکوێوە . ئەدۆزم




## بەستنی ئازادی

ئازادی .. لە ئازاد بوون
زیندانییە
زیندان . بۆنی لە ئازادی
زندی .. ژینەوەری ژیانداریيە
زیندان بەستنی ئازادییە
ئازادی لە ناخی زیندانە

....

ئــازادی .. ئازادان
ئازادی لە هەموو جۆرە زیندانییە
ئازادی دروست کردن
هەروەک دروست کردنی ئاوەدانییە
ئاوەدان کردنی . مێشک . ڕەوشت
ئازادییە .. لە دواکەوتن
لەپاش کەوتن .. فیکر .. عەقڵ
ئازادی .. ئازاد



## شەراب

لەبیری دووری عەقڵ و مەعریفەت
ژیرو ژانی ژاوانی
ڕژا شەراب جامی
سامانی سامانڵ دڕا
بەخۆشەویستی

## لەبیرم مەکە

زوخاڵە . زاخی زاخم
زوڵاڵە .. زوڵاڵی . زاڵم
ئاهەنگە ... فرمێسکم
شمشاڵە .. بروسکی گرینم
خۆشەویستییە ئامانجم
کە جێم دێڵی
لەبیرم مەکە
من لێرە لە سکوت ماوم



## ئاسنگەر

لە ناوەندی ... مەشخەڵی
مردن . لەنێوان هێزی
فورس . ئیسلام
ئێمەی . کورد . چاومان خێڵ و خوار بوە
دەستمان . ڤیرپاچ بووە
کورد . کوژرا لە ناو
روخساندنەوەی هێزی بۆ هێز
هێزمان . بێ هێز بوو
هێزان . هێز . لەم وڵاتە
ئاگر . ئاگر . ئەگیرسێنێ
ئاسنگەری . ئاسن ژەنی
ئاسنگەرانی شاری هەولێر
ئاسن . ئەسووتا
لە خەڵوز . ئەجولا
ژانی بێ دەسەڵاتی ئاسن
لەژێر ئەساودی قەڵای هەولێر
ئەسووتا . ئاسن
خەڵوز .. ئەبووە ئاسن
ئەم ئاسنە ئەبووە .. تیر
ئاسن ئەبووە .. داس
داس . و . تیر
هاووڵاتیان . دەسکیان ئەکرد



## پێویستی

هەرزانە . ژان . لەم وڵاتە
ژانیش . پێداویستی هەیە
پێداویستی . پێویستی هەیە
لە ژان ... هەتا خۆشی
پێویستی . هەیە

## کورد .. کوردستان . ئاوەدانییە

قـــەڵای
ماد .. هەولێر
کەرکوک.
قەڵایان . یەک یەکسانە
هەڵمژینی خۆشەویستی خۆیانە
موڵکی . ئاوەدانیانە
ئاوەدانی . ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خۆیانە
خاوەنیان . یەک ڕستە
کورد .. کوردستان . ئاوەدانییە



## زەنگەی قەڵەم

مـار .. بـار ..
وڵات . بۆ ئێمە خەڵات
کاری ... ژانی بۆ ئێمە سابات
ژوانی خۆشەویستی
چاک سازی دروست کەرانی خەبات
زەنگەی قەڵەم . بەهێزترە
لەرەشەبای نەزانینی کارەسات
هاتم . بۆ . تۆ . وڵات

## قەڵای کوردانە

لەباوەشم کە ...
بم حەوێنەوە ..!
عەشقەکەم ... وڵات
حەسەن .. حەسکەری
حەسانەوەی . حەسەکان
بۆ ئێوە لە هەولێر .. حەسان
هەولێر مەڵبەندی کوردانە
قەڵای ... بناغەی خۆشەویستی کوردانە



## هەڵەبجە.. ڕاپەڕین

هەڵەبجە ئاگری بن پەنجە
سوتاندی ئاگرە نەورۆز
کوژاندی سەرسامی ئێمە
دونیای . دۆزەخ . ی . برژاند
سوتاندی من لە ژیانم
ساناترە ....لە سوتاندنی لەشم
...........
پاش مردنم
مردنم ئاواتی منە
هەروەک ژیانم
ئاسانترە لە سووتاندنی هەڵەبجە
بەڕاپەڕین پەنابەر
پەنابەری بۆ ئاخ ویژدان
پەنابەری ڕەوشت
بە ئاواتی . ڕابەر
ڕابەری یاسا
یاسای لە وڵات و هەڵات
هەڵقوڵاو . زیندوو


أحلمُ
حتى...في الجنة

## خەیاڵم

سێبەری خەیاڵی یارم
شەپۆلی هێزە بۆ ژانم
ژەهراوییە ژاڵە بۆ ژیانم
هەنگینی بەختیارییە بۆ خەیاڵم

## ئای . وڵات

پێمان خۆش بوو تەنوکمان
لەبێ دەسەڵاتیمان
لەبێ زانینیمان
چەقەڵ بووە نسوانمان
ئای .. وڵات ...
بۆ وا گەنجانت هەڵات
نە عیلەتە .. نە زیلەتە .. نە میللەتە
پێک هاتووی .. ئەم بێ دەسەڵاتییە
نەزانینی . زانستە
تەمبەڵی ... زەحمەتکێشانە
گەندەڵی ... زۆرزانە
ئای . وڵات
بۆ . وا . پیران هەڵات
نەملتە . نەعلتە .. نەزلتە
هەروەک خۆمن
هیچ لەناو هیچ
هەڵاتنم بیر کەوتەوە
ئەم وانانەم ڕەشتەوە



## هەڵمگرە . هەڵت . ئەگرم

فرتەنەی . پاڵپشتی نزم و .. بەرز
مەلەوانی ...بێ سەنگ
لەناو .. گالاکسی بێ سنوور
ئەفڕن . لە ناخو
ئەفڕن . لە دەرەوەی خو
ئەجوڵێن .. بەشێوازێ
هەڵمگرە . هەڵت . ئەگرم

## چاوەڕوانم

ئەگەر . بە تەمای ماچێکی
سی و هەشت ساڵە چاوەڕوانم
سێ جار خەونم بە ماچێکت دی
قەدبرام لە خۆشیدا
نزیگی کهربای ئاگری لێوت بوم
خودایە ئەم ئاگرە کەی دەکوژێتەوە
دۆزەخی بەهەشتی ئاگری خۆشەویستی
روناکم ئەکا
هەروەک یۆرانیۆم



## ئەستێرە

حەفت برا .. تابووتی باوکیان
بۆ گۆڕستانی .. گەلەکسی گواستنەوە
ئەستێرە لە ئاسمان
بۆ زەوی گواستنەوە
ئاسمان .. زەوی
خەریکە .. لێک بدەنەوە

## ژوان سروشتە

لە ئەمەریکا هەرشت پێش مەرگە
لە وڵاتمان هەموو شت پاش مەرگە
کوردستان .. زۆر خۆشە
خۆشە لەژان ... ژوان سروشتە



## ئاڵامان بەرزە

لەم هۆلە ... 6/1/2009 یانەی کۆلێژی ئەندازیاری
ئەبینم جار برادەرێ
چل ساڵی
ئەوسا ئومێدمان مردن
بۆ ئاڵای کوردستان
ئێستا سوپاسی بۆ خوێنی شەهیدان
ئاڵامان بەرزە
ئاواتمان ئاوەدانی کوردستان
کوردستان .. یان ئاوەدان

## مۆسیقا ... زمانی خودایا

مۆسیقا ... زمانی خودایە
ئارەزووی ... ناسینی هەتا ... هەتایە
بەرد .. دار ... ئینسان
هەڵدەپەڕێ لە زەنگی
ئەخولێ خۆشی لەناوەی
مۆسیقا .. ژەن و ژەنی ژان
مۆسیقا ... خۆشی خۆشەویستی
مۆسیقا . پێویستی خوا
خودا ... خۆشەویستی ئەدا بە مۆسیقا
خودا...روناکی ئەبەخشێ بەمۆسیقا
خودا....مێشک ئەجولێنێ بە مۆسیقا



## نازانم ..... دەزانن ...

دۆڵ ..... زورنا
دەف ...
دەفی قادری ئیلاهی
وژن .. ژانی روژانی
سەمای ئاسمان
سەرسامە لە خۆشی ژانی
پێوستی ... پێویستی
ژان .. ژاڵە لە هەستی
ئاو .. ئاوەدانی
ژیانی خەستە لە مەستی
نازانم ..... دەزانن ... یان نا
لە ئێوە فێربووم هەستی

## لە خۆشەویستان

فێر ئەبم ...!
هەناسەی ..... ئازادی
لە ئازادان
ئازادی .... ئازاد ئەکەم
لە خۆشەویستان ...... خۆشەویستی
خۆشی ... خۆشحاڵ ئەکەم
خودایە



## دڵم بە ئاواتی

سی و نۆ ساڵە چاوەڕوانی دیتنیمە
ماڵت ئاوابێ
بۆ چاوم بە چاوی کاڵ نەبی
دڵم بە ئاواتی خۆش نەبی
خۆشحاڵ نەبی

## سەری ساڵە

سەری ساڵە
هەموو ڕۆژێک سەری ساڵە
هەموو ساڵێک بە ڕۆژێک چ دەکا
هەر ڕۆژ...حاڵە
تێگەیشتنی...مەحاڵە

مراکش\مەغریب
2008\12\31



## پار


پار.. پێرار.. پاران
پارم زۆر بوو.. پارانیش
پارە... پەرە
زۆریان بەڵایەکی بێ لایە

2008\12\31

## ماڵئاوا

ماڵئاوا ساڵی 2008
ماڵ خۆشی ساڵی نۆی
ئەوی دی ئێمەیە
ئەوەی ڕۆیی ئێمە بوو
ساڵ...حاڵ خۆشی ساڵی 2009

2008\12\31



## بۆ میدیا

میدیا..ی...بابە
بابت...خودای ئەبینی
لە ڕووناکی ڕۆژ
هێزی خۆ دروستکار
سووڕانی ناو ئەتۆم
گەورە...گچکە بوونی گالاکسی
لە ناو هەموویان سوورەییا
خۆشی لە ناخۆیی..خۆی پیشاندایە
خودا هەیە...بە خۆشەویستی
ئەوی تری لە دەورەی دایە

25.7.2009

Nagoge.japan

## بەهەشت لە هەولێرە

هەولێر...لە بەهەشت خۆشترە
خۆشی...بەهەشت لە هەولێرە
مێژوو...و...ڕەسەنایەتی لێرە
خۆشەویستی هەموو چەشن لێرە
هەموو لە ...هەولێرە

2008\12\25

تارین هەولێر



## ئەگەر... بزانم


ئەگەر... بزانم
ئەچنە بەهەشت...بە جەهەننەمی من
دەرگای جەهەننەم لە خۆم دا ئەخەم
بەڵام بزانم
بۆ چوونتان بە بەهەشت
ڕێگای جەهەننەم بە کار ئەهێنن
ئەبمە ئاگری جەهەننەم بۆتان

أربیل 3\11\2009

## چاوی گرژ

لە ژیانم
لە گۆڕی تەنیایی..بەختیارم
بەختیاری ژیانی مژ
بەندەی کاری ڕژ
حەسانەوەی لە تامی مرژ
هیچم..بە هیچیان ناچێ
تەنیا چاوی گرژ

أربیل 31\12\2009



## ئاواتمە ژانم

هەزار.. ساڵ ژیام
لەم شەست ساڵە
ماندوو نەبووم لەم حاڵە
بەختیارم بە سووتانم
ئاواتمە ژانم
کە بۆیان دەرمانە

هەولێر 2009\12\31

## کات نییە

وام لێهات کات ناناسم
زەمەنم سڕی لە ناوناسم
نییە...نییە..کات نییە
وەزین...وەز..وەز
لە شێوازی نەمیبیا...مرۆڤ...قاز

أربيل 2009\12\31


لحدي
بين السماء
والماء

## چار خودا

هەولێر ناوی إربل
لە ئارامییەوە ماوە
إربا...ئیل
هەروەک اسمائیل...جبرائیل..اسمائیل
چار خودای...چار لە یان
چەسپاندیتم لە لوگۆی زانکۆی جیهان
هەموو ئاینەکانی مێژوو
لە قەڵای إربل
چەسپاندیان..ڕووناکییان

2009\12\31

## بووە ئالا

لە مێژووی نوور
لە زەمانی ئبراهیم
هەولێرە..إربل
نور..ڕووخا
إربل...بە قودسییەتی خوداوەندی
چار لە یان لە قەڵا...بووە ئالا
شەش هەزار ساڵ ...بووە سکاڵا

2009\12\31

(1)



## ڕۆژهەڵات....ڕۆژئاوا

**شەست هەزار ساڵ**
**شەش ڕۆژە بۆ قەڵای هەولێر**
**گردی ڤالنج ئاغا**
**بنەڕەتی مرۆڤایەتی**
**بناغەی ئاوەدانی**
**کونە مشک**
(2)
**جەنگی ئەربێلا**
**ئەسکەندەرو..داریوس**
**دەشتی هەولێری لێ دیارە**
**لێکدانی ڕۆژهەڵات....ڕۆژئاوا**
**مەدەنییەتی مرۆڤایەتی لێ ی شارەزایا**
**هەوە....لێرە**
**وەرن هەموو...بۆ ئێرە**
**دڵمان فراوانە**
**بۆ هەموو ئەوانەی دێنە ئێرە**
**ئێرە...هەولێرە**
**لانەی کوردانە**

2009\12\31

.



## هەولێرییە

ئەوەی حەڤدە ڕۆژ
بژی لە هەولێر
هەژدەمین ڕۆژ..هەولێرییە
ئەوەی هەولێری ئەویٚ
هەولێرییە
بۆیە...ماوین..لێرە

2009\12\31

## خەباتی ئەو

سلێمانی بۆ...ناوی د.بەختیار
تەنیا گوناهی..کورد پەروەر
خەباتی ئەو..توندی بوو
بە گولەو ئاگر..خۆ کوشتن بوو
بە غەدرو مەکر...خوێنی ڕژا
ناویشی لە شۆڕش...سڕا

2009\12\31



## سەما

سەمای فریشتە لە ئاسمان
مۆسیقای سەر زەمین
خۆشەویستی خولْقاندن ئەجولێنێ
ئاوازی...خوداوەندی ئەچەسپێنێ
سکونی موتڵەق...لە گەردەلوولی گالاکسی دەسەنگێنێ

2010\1\3

## ئاهی برسیان

خەندە...وندی...خانەدان
سووتاندی ئاهی برسیان
ئازاریان ئەدا هەستی مرۆڤ
ئەخوازەکا...پەروەردگار بزوێنی بزاڤ

2010\1\3



## مام باپیر

به جێت ناهێڵم هەولێر
لە ژێر دەسەڵاتی ژێر
وا...هاتین...بۆ ئاوەدانیت...مام باپیر

هەولێر 2010\1\7

## خودای چوارلایە

هەولێر...ئۆکسجینی
مێژووی باوەڕ باوی خودایە
إربل...مەسکەنی...خودای چوارلایە

هەولێر 2010\1\7

## مانی سەرمەدی

دەستم ماچ مەکە
بە جێ ی بهێڵە ناو چاوانت بلێسمەوە
بۆن ئەکەم..بۆنی مانی سەرمەدی
شێخی چۆلی...ە...و...مام شێخی مستەفا نەقشبەندی

هەولێر 2010\1\7



## قەڵای مان

هەولێر
قەڵای مان
خانەقای نەقشبەندی
سەعدوناوەی کورەچی
تەعجیلی بن جوو
تەعجیلی ئیسلام
محلەی عارەبی ئانەوا
حەساری تاهیراوا
ئابڵوقەی...هەولێریان دابوو
ناوی سێتاقان...و...مفتاحی لێ دیاربوو
هەموویان...نیازیان وابوو
ئارەزووی کوردستانیان جیا بوو
ئاخ..ئاخ
لە نەزانینمان
دوژمنی...گشتیمان

هەولێر 2010\1\7

## ڕستەی فیکر

چەند ...خۆشە ژان
ڕستەی فیکر...مێشک...هونەر
ئەکات ئاسان

هەولێر 2010\1\7



## ببێته خەڵاتم

به وەڵلا..به هەموو ژانی خۆم
بکەم.. شینم
جیاوازی...دەسەڵاتم
ببێته ئاواتم
دەستی نیازم
ببێته خەڵاتم
ناتوانم...ناتوانم

هەولێر 7\1\2010

## مۆرانه

شان...شانی ژەن خەوی
خەویان خەوالی رۆژ رەوی
ئەمان لەناو خۆیان
وەک..مۆرانەی بن زەوی

هەولێر..ماڵ دریم سیتی

## بێ سەنگ

سەنگم کرد هەموو ئاسمان
به بێ سەنگ بوو..جولان
به ئەستۆم ئەکێشم هەموو...هێزان
چونکه...منیش پارچه یەکەم..لەم خولان

هەولێر.ماڵ.دریم سیتی 11\1\2010



## بحەسێوە

وەرە...هەرچییت کردبێت.. وەرە
وەرە..هەرچیت کردبێت.. وەرە
ئەگەر پەشیمانیش نەبووی...هەر وەرە
بۆ ڕووناکی زانستی مێشک وەرە
بۆ ژێر ئاڵای زانکۆی جیهان وەرە
بحەسێوە لە سێبەری ئارامی وەرە
ڕزگار بە لە قین و توندی وەرە

***

شەمشەمەکوێری جەهالەت
لە ئەشکەفتی تاریک
قاووت ئەدەین بۆ ڕۆژ
دەزانین چاو کوێر ئەبن کاتێ
بەڵام فێری ڕووناکیتان ئەکەین
سەربەست بن لە بەندیاتی جەهالەت
بۆ ئاواتی داهاتوو پێکەوە بڕۆین
بۆ کوردستان یان ئاوەدان وەرە
هەرچیت کردبێت وەرە
ڕابردوو...تەواو
وەرە باوەشی دایک. وەرە

2009\1\23



## یادت نەمردووە

با..ژانەکەم هەبی
دەڵێن..ڕەنگی چاومت لە بیر چووە
ئەم چاوانەیە بە دیتنت تان بووە
دەشڵێن..ناومت لە یاد کردووە
ئەم ئەوزادەیە لە بەر یادت نەمردووە
ئەنجا وتم..لە شەرمانە
ئەزانم وەک من لە بیری نەچووەتەوە
ئەی ڕووناکی ژیانم
پاش ئۆغریشت بۆ ژین روکندارم

2009\11\16



## خۆشەویستیم

(1)
حەسرەتی خۆشەویستی
لە ژانت..ژیانت ساخ بوو
چونکە گەنجی
بەهارە ژیانت
(2)
خۆشەویستیم شاخ بوو
بەڵام
بارانی نەما
ئەویش هیشکە باخ بوو
بەڵام
پایزم شۆخ
بوو

أستانبول 8\6\2009



## ژیان بەخشینە

هەنگ هەڵئەمژێی
هەنگوین ئەکا
چەند رۆژ ئەژی
بە درێژایی عەسر ئەکا
ژیان بەخشینە
خۆشەویستی پەخش ئەکا

2008\1\8

## گەنجینە

گەنجینە...گەنجینە
کوڕو.. کچینە
چاو..زەردو...کەسکینە
ئاوەدانە...بە ئێوە
خەڵکی...ڕەوشتی کوردستانییە
براینە...ئەو زەمانە رووی
بکەوێتە دژی تفکینە
زانست..و...ڕەوشت...کار
هەڵ ئەدا بنچینە

2009\10\27



## لای لایە

لای لایەی ...دایکم
وەک..
ئاهەنگی شمشاڵی شوانی تەنیا
ژانی ژن...جۆشی دەروون
هەستی تەنیایی...لا دەبا
مەترسی...شیلاوی...دەروونی
هەستی خوڵقاندن
ئەنوێنێ...

مارسین\تورکیا 31\7\2003

## مەنتیق ژیان

مەنتیق ژیان...و..پێویستی حوکم
یەکتر نابەستن...بەڵام پێویستە ببیسترێ

شەو...GANZI.st.tokyo



### ئەوانەی...

ژیان...بۆ ئەوانەی...دەژین
ڕێزو...ڕەحمەت بۆ ئەوانەی بە جێیان هێشت
پاشەکەوت..دروستکردن..بۆ ئەوانەی دێن

تۆکیۆ..ژێر پردی شەمەندۆفێر.17\10\2004

### مان

دەژیم...لە مێشکم
زان...ژان...مان
پێکەوە...دەنێژم
دەم ژین
دایکم منی زا
من ئەژیم دایکم
دایکی..دایک..خاک...مانD.N.A د.ن.أ
ئەژیم لە مێشکم..مێشک
مێشک سروودی سامانی مانە
مانیش بۆ خودایە
هەموومان...لە ناو خوداین

2004\4\16



## ئێوەش هەموو ..

هەموو دەموو...لێوم شینە
چاوم زەردە
پێستم..لیمۆنە
نینۆکم...وشە
ئەم کاتە...بۆ خوداوەندی خودا
ئەچم..ئەچم
ئێوەش هەموو دین

دبی\شیراتون دیرە

## ئێمە..

(1)
ئاگرین ئێمە
بێ ریموت کۆنترۆلین ئێمە
ئاو ئەسوتێنین ئێمە
ئاسن ئەچەمێنین ئێمە

(2)
سەوزو...زەرد ئەسوتێنین
بەڵام ئاگرمان
گەرم ناکا ئاو
بۆ شیری منداڵانمان

1998\6\14



## فرمێسکی چاوان

عەشقم تەمەنی سی و نۆ ساڵانە
ئاگری دۆزەخ لای گۆرستانە
ئایا...هەیە..لاتان
بەفرو..و..باران
یان بنێرم فرمێسکی چاوان
تا...پڕ بکات بەحری دوکان
بڕوا .. بکەن فرمێسکی..کوردستانیانە

## ئەوووو...

ئەوووو.. ئەوووو.. وەووو..ئەوووو
لەناوم کوڕەکی مردوو
بانگ ئەکا
ئەوووو.. ئەوووو...وەووو.. ئەوووو
ئاخ هەستی شەیاتینی
هێمن ئەبێتەوە
ڕۆشنی ئەهریمەن ساز ئەبێتەوە

ئەوزاد باجگر 1999 ئەنقەرە\تورکیا



## ژێر سفر

(1)

ملینۆم 2000
قوتابی بووم
وتم...ببینم سالی دوو هەزار
ئەوەی تری گەرەک نییە
ئێستا..شەوی میلینۆم
ئەلێم...پێش ساڵی دووهەزار
ئەوی چوو...سوودی نییە
لە دوو سفر دەست پێبکەین
ئەوی ژێر سفر لە بیر..بکەین

ئەوزاد باجگر\هیلتون\میرسین
1999\12\31
کاتژمێر 11:54 دەقیقە

(2)

میلۆ....ملینیۆم..دووهەزار
زیوییە..ڕەنگی..هەموو شار
خودا...خودایەتی دروست کرد
مرۆڤ...چاوی لەو کرد
ژیانی بەچاکی...جوانی...برد

هیلتون \مارسین\1\1\2000



## خودا ناسین

(1)

ئافرین بۆ هێز کۆکاران
بۆ دروستکردنی حەزارەتی ئینسان
دروستکردن..هەر چەشن بێت
ئاوەدانی...هەر جۆرێک بێت
خودا ناسین هەر ئاینێک بێت

گراند پالاس\برۆکسل\بەلچیکا
1998\7\23

(2)

جوانی..جوانی ناخ
جوانی شەرابی پەرداخ
هەموویان...لە چوارچێوەی داخ
کۆ ئەبنەوە بۆ دروستکردنی...جوانی
جوانی رەوشت...ناخ

ساعە صفر...گراند پالاس\برۆکسل\بەلچیکا
1998\7\23

(3)

سێیەمین پارچە نەهات
چەندم کرد بنووسم
بەلام هەر نەهات
کۆتایی

گراند پالاس\برۆکسل\بەلچیکا
1998\7\24
سەعات 7



## خەندە

ئەم خەندەیە بۆ تۆ
گیانی...گیانم
بەختیاری...سەرمایەی ژیانە
چاوەکانم

1999\9\22

## زاخ...ناخ...

زاخ...ناخ...ئاخ
هەموو دەربەدەری شاخ
بە ئاگری کاری زۆردار
هەموو بوویتە کاری ساغ

## داد

داری داد...مێوی بەهەشت
ئاوەدانی...زاد...ئاوێنەی سامانی ڕاست

## ڕۆژی کۆچم

نەکەن بکەن شینم...ڕۆژی کۆچم...شاییە
نەکەن مەکەن یادم...بکەن یادم.. هەموو شاییە

2005\2\10



## جوانی

**جوانی دیتنی نییە**
**تێگەیشتن ناخ جوانییە**

2005\2\13

## ڕەوشتی...دانە

**ژان ژوانی ژیانە**
**مان...ئارەزووی هانە**
**هان...پەیوەندی ژانە**
**زان...ڕەوشتی...دانە**

1956\7\19

**ڕۆژی لە دایک بوونی سوزان**

**ڕۆژی جوانی ژیان**

2005\7\19




## سۆزانەکەم

سۆزانەکەم...ئاوەدانییەکەم
پاشای خۆشەویستییەکانم...ما عدای کوردستان

## خودا

هەرچی ئەزانم...بڕوام خودا...یەکە
خۆشەویستیش...یەکەمە
***
دڵنیام...ئەو ئەزانی کوردستانیش
ژانە...برینە..دانە
****
بۆیە لە چوارچێوەی
بڕوای...خودایەتییە
بۆیە هەر خودایە...یەکە...یەکەمە

2000\4\17
سلێمانی\عیراق



## لەناخ چێنراو

دەبڕوە...دەمم
دەمت...بدوێنێ
وەک...بولبول
زاخ...هەلوێنێ
زاخت...لەناخ ...و ئاخ..و داخ
چێنراو
وەک...هەنگ
گول...ئەدوێنێ
ئەمژێ..ژانی...ژوانی..ژیانی
بۆ هەنگوینی...ڕۆڵەکانی

2005\9\9



## سووتا...ناخ

(1)

وا ...دێنە بن بەرۆ
بۆیان...گریا
دارو...بەرد
خەتایان لە ئەستۆی کێیە
خوداوەند


(2)

سەدو هەشتاو دوو هەزار
مرۆڤ
نەیان زانی مردن
چێتۆن
چی بوو...دیناصور صدام...کوناهیان

(3)

سووتا...ناخ..و ئاخ
بە خۆڵە مێشی
ڕوو ڕەش بوو
سۆرو سپیاویان

2005\10\18



## له مردن مه‌زنتره

کورد
لافاوی مردنی مژی
زریانی ژیانی بڕی
له مردن مه‌زنتره
له ژیان که‌متره

2005\10\20



## ماوین

کوردم
بابم کورد بوو
باپیرمیش
باپیر شیان
کوردم
دایکمیش
داپیرمیش
داپیر شیان
له چیا...بووین
له شاخان ماین
بۆیه هەر ماوین
له هیچ جێگا نەهاتووین
له تریسکەی رۆژ
ژیان له بەرهەمی زەوی
ئێمە لێرە بووین
لێرەش ئەمێنین
وڵاتمان ناو نا کوردستان
ئاواتمانه بیکەین ئاوەدان
ئەگەر بڕوا ناکەن
قەڵای هەولێرە شاهیدمان

دوبەی\فندق الخلیج
22:45 9
2002\3\12



## گەرمە ...بێ ئاوە...بیابانە

دوبەی
خاک...لە دەریا....دەردێنن
ئەویش قومە
ئەیفرۆشن..هێشتا لە ناو دەریا...قومە
ئافەرین...قومیشیان گرینگە
گەرمە ...بێ ئاوە...بیابانە
بەڵام خاوەنیان..وەستایە
باش وەستایی...زۆر باش
شەڕێکی...سەرۆکی وەستایانە

2005\3\12
23:13

## تەنیایی

تەنیا
بە تەنیام
تەنیاییم...لە تەنیاییە
خۆشەویستی...ناخ فراوانی دەروون
تەنیام...تەنیایی
خودا
بویە...ئەپپرستم
ئەتاوێمەوە...لە تیشکی
ئەحەسێمەوە...لە بەندەوەندی
بە تەنیایی..ئەپپرستم
پەرستنی خۆشەویستی

دوبەی 2005\3\12



## زانیان...نازانن

ئەی..ئەوانەی هیچ نازانن
زانینیان..بە هەموو ئەزانن
بۆیە هیچ نازانن
زانیان...نازانن

23:45
دوبەی \فندق الخلیج
2005\3\13

## ژیان...نەمان

چەک
سەرمایەی لاوازانە
بۆ پۆشتنی لاوازیان
بەکاری دێنن
بۆ کوشتنی...هێزی مێشک
دەسەڵاتی زانست ئەخنکێنن
بۆ خنکاندنی ئەوی تر
بۆ کۆ کردنەوەی سامان
ژیان..ئەکەن بە...نەمان

2005\3\12



## بۆ ژیانی...مەند

(1)


زەرد...مەرد
سپی...بەرد
سۆر ....گەرد
رۆشن...گەند
گەند...و...مەرد
بەرد...گەند
چوارچێوەی سەند
بۆ ژیانی...مەند

مارسین 27\5\2002

(2)

هاوین..و..بەهار
ئاگر...و...مار
بەفرو...دار
هەموویان بار
بەهار...و...دار
یار....و...مار
جار...بەجار
هەردووکیان...رووخسار

2004\5\27



## دروشمی کورد

هندرێن...هندان
هند...و...راین
بەینی هند..و...جێرمان
هاندی...هەندی..هندرێن
سەندی...مەندی...مەندان
روحانێتی هندستان
دروشمی کورد
چالاکی ئەلمان
سێ گۆشەی..پێویستی ژیان

2005\11\28

## سەرمایەی

فرتو...فێڵ باوی کەمە
راستی و...دروستی
سەرمایەی..مانە
ئاواتی..دانە


2005\11\28



## ژینم

یاران...وەرنە شینم
باران...بکەنە قینم
شاران..پڕکەن خینم
ژیان...دانان...سامان
هەڵوژەی...ژینم

2005\11\28



## بازى

(1)

شەو...شەمی..شەم
خەم..خەمی..دەمەم
ناز..بازی...ساز

(2)

هار...مار...هار
سەگ..کەر..ژار
مار..سەگە
هار...مارە
مار..کەرە

(3)

کەونە...کەنە
بەستی...مەنە
راستی...کەتە
سەربەستی..سەنە
سانتی...سەتە
دانتی....وەتە

2005\12\9





## مردن هەیە

مەمنون بە.. مردن هەیە
نەمێنی..ژیان تەواویە
مردن...بناخەی ژیان یە
ژین کۆتایی...ماڵ ئاواییە

2006\1\27


## مازی..

دار هیشک
پەلک ...رژاو
قاوغی پچڕاو
مازی کۆ نەکراو
کانی کەنار زوخاو

* * *

رەشۆڵەی...بێ دانەوێڵە
نە...بالەویلە
لەسەر داری رووت
هەزارن کۆچن
زوو هاتن
رەشۆڵەش وەک ئێمە
زەمانی،،،لێ سووڕا
زور زوو هاتن

2006\2\1



## شان ...بەشان

چاو ڕەش
گەردوون...ئاگر لەش
پاش شەمامک
شان ...بەشان
هەر...وەک بەلاش
لاشە...لاشەی...لاش
من...و...تۆ
بەرامبەر لاش
هاشی...ئاش
ماشی ..کەش
توانای...بەخش

2006\1\31



## مەزەم ڕێواس

(1)

بەهاری 1978 ..گەڵاڵە
ڕێواس
لە گەڵاڵە چووینە.. ڕێواسان
مەتاریەکەم..پڕ...مەی
مەزەم ڕێواس
****

(2)

لە...ڕێواسان
ئاوی لێ بڕا
وتی...دوکتۆر...ئاوم بدێ
وتم...خونچە
ئاووم ژاڵە...تاڵە
وتی...ئەیخۆم
گەر ژەهری مارە
وتم کچە ...تیم ...عارەقە
وتی...گوناهم لە ملت
هەتیم...ئەوەشت کرد
قوڕگم ...سووتا
سەرم خاوە
بەڵام خۆشم



## بالآ بەرز

جل..شیفۆنی رەش
چاو ..کاڵ..و گەش
بالآ بەرز
سنگ قاز
فریشتەی ناز

***

هاوین ...هات
فرۆکەی دۆزەخ
ئاگری ناپاڵم

***

لە دۆینەی...مەڕی
لە دۆشینی شیری مەڕی
ئەو فریشتەیە
بۆ...بەشێک
لە پەریزادی خودا...!!

2006\1\30



## سەربەستی موتلەق...

شاعیرێک..لە دۆزەخی ئاڤێستا
ساردە...قەبرم
دۆزەخە...مەرگم
ئاگرە...ئەرکم
خەڵوزە...خۆراکم

***

چاوەم...چوارسەد هەزار...چرا
زوبانم...حەفت هەزار...خرا
گوێم...هەشت سەد ملیۆن...کرا
کەپووم...سێ سەد هەزار...سڕا
دەستم...نۆ سەد هەزار ...دڕا

***

ئەمجارە..هەموویان...سرا
مێشک...راوەستا...هەمووی...بڕا
ژیاندارانی...ناوم..باوی..بڕا
میتالەکانی...لەشم...بە خاک سپێردرا

***

تەنیا...پەیوەندی..ڕوحم
بە خاک...نەسپێررا
ئازاد...بوو
هێز...بە هێز...هان تر...بوو
سەربەستی موتلەق...بوو

2006\2\4



## بۆمان...نەجەنگێن

هارن...ئەم سەگانە
نەوەی...گورگەکان
چاوی کەمتیار..ئەدڕێنن
لە دوای پڵنگ...ئەخولێنن

❊❊❊

ئێمەی کەروێشک
زاوزێ . زۆر
ماڵ...زۆر دەرگا
بۆمان...نەجەنگێن

2006\2\3



## تادانۆ

خۆیی و ...شەڕوالّی
بە زنجیری،،،تادانۆ...هەڵواسرا
بە ناوی..ئیسلام..لە خێزانی پچڕا
لە دۆزەخی..خودا...ناوی سڕا

أستانبول-تركيا
2006\5\6

## ژیان...بهێنێ


(1)
کورد ...چۆن دەمری
دەهۆڵ و...زوڕنای هەبی
ژانی...بەسەماو..شایی..دەرێینی
خۆشەویستی ژیان...بهێنێ
(2)
ئەو میللەتە
چۆن دەمری
دەهۆلا و...زوڕنای هەبی
ژانی بە هەڵپەڕکێ
ساز بکا
مانی ...بە خۆشەویستی ژیان
ماف بکا

استانبول.تركيا
2006\5\6



## چاو..

**چاو.. تیژ**
**ژن...ژان..ژوانی ژیان**
**زوڕنا ژەنی..هەناسە تیژ**
**مان...و..مان...دەرمان**
**هەموو...لە سازی ڕێژ**



## ژیانم خۆش دەوێ

خودا لێرە لە خۆی بوو
بێ ژان...هەتا...هەتایی...مان
مانی...بێ نەمان
لە خۆیەوە...خۆی ئەخولقێنێ
بە پێویست...دروست ئەکا
لە ناو خۆی

***

ئاگرم لەسەر ببارێنن
دۆزەخی قوڵکان هەڵبقوڵێنن
هەر بەهەشتە ژینم
ژیانم خۆش دەوێ
خودای ئەناسم
بۆیە ئەیپەرستم
نەک لە ترسی دۆزەخ

ملیم\مارسین 18\5\2006



## من شاعیر نیم

من شاعیر نیم
خودا...ناس
ژیان..باس
کار..خاس
ئاوەدانی...رووخواس
ولات...بە داس
خۆشەویستی...
هەنگ بۆ هەنگوین
من و وڵات
وەگ ئاگر...و...رەشەبا

## ئاگردانی...زەردەشتیان..

هەولێر ...نەڕووخا...لە مێژوو
قەڵای...سەخت
بوو...بۆ هۆلاکۆ
لێ ی تێپەڕ بوو
ئەسکەندەر..لەلای تێپەڕ بوو
مەڵبەندی...خودا چوار
لە بان بوو
ئاگردانی...زەردەشتیان..بوو
خۆشحاڵی ئیسلام..بوو
سەدام کوژ ...بوو
پایتەختی کوردستان
هەولێر..ئاوەدان



2006\5\18

## ئاوەدانی

خاک...خەم...و خەو
سێ کوچکەی...جەم
ئاوەدانی،،،دەم
سواڵی بەرهەم

مارسین 2006\5\18

## خۆشەویستی ئاڤێستا

خۆشم ...ئەوێ ی
خۆشەویستی ئاڤێستا
ئاسینی یەک سەنا
ئاو...هەوا
ئاگر...و...خۆڵ
لە تێکەڵاویان دەرچوو
ژیانم
هەموو...هۆمۆی
خۆم
لە باوک و..دایکم
رۆژان...بەتاڵم
لە سووتانی...پرۆتۆنم
ئەخوڵقێنێ
خوڵقانی...خوڵقاندن
ئەجوڵێنێ

مارسین2006\5\18



## وولّ ستريت

چی ی..له مۆسیقای
شەق...و..شەق
تەق ...و...تەق
پەق...و...پەق

***

مۆسیقام ئەوێ
دەرونم بتەزێنێ
ئافرەتی لادێ چین بحەسێنێ
ساماندارانی مانهاتن
بۆرسەی وولّ ستريت له بیر بکا

***

مرۆڤایەتی...یەک هەستە
زومانی..سروود
خەلاّتی...خودا...بۆ ژیان...مۆسیقا
مێژوو...ئێستا..داهاتوو
پێکەوە دەبەستێ

سولتان شا
مارسین\توركیا
2006\7\15



## هەموو پەتەکان

شۆڕشمان..کوژایەوە...هەڵگیرسایەوە
هەڵگیرسایەوە...کوژایەوە
ئەمان دەزانی
هەموو پەتەکان
بەیەک ئەنگوست بەستراوە
صاحب قڕانی دونیا

2006\7\14

## ببورە لێم

شۆڕشگێڕم
ڕێ ی گرم
عاشقم
بۆ وڵاتی بەیداغ بزر
ببورە لێم
فرمێسکانی دایکم
داغ سنگی باوکم
شۆڕگێڕێکی نەزان
بۆ سووتاندنی جلکیان
گوندم..ئەدا بە سووتان
ماڵ...منداڵ...ئاژەڵ
بێ شوێن ئەمان
وەک خۆم
چەند درندەیەکی بەرەڵا بووم



ژانم....لە توانای ئازار نەبوو
ئازاری...کەسانم...بە خەڵاتم ئەزانی
مردنیش بە رزگاری...چی...وا...نەبوو

2006\7\14

## سەری سەکران

(1)

ساردە..ناو مێشکم
گەرمە...ناخی دەرونم
دەرمانە...دەردی ژانم
هەڵەبجە...سیمبۆڵی مانم

(2)

سەرسەری سەکرانم...رۆ
باری بڕوای برایەتیم...رۆ
هەوای هاوینی هەڵوژەم..رۆ
کوردو کوردستان..کارەساتم.. رۆ

(3)

باری شانمان
یادی شەهیدان
کاری شاە زادان
داری شەوان...رۆ...رۆیی
رۆڵەی ئاو
کوردستان...یان ئاوەدان

سولی..مارسین

2006\7\13




### ئەوان..مان

وازە..وازی مراز
سازە..نازی باز
رازە..راوازی ئاز
هەڵبەستراوە...ئاویستی هەڵواسراوان
لە سی ی دارەی دوژمنان
ئەوان..مان
لە پەڕتووکی زندیان
(بۆ شەهید بەختیار خالد..شەهیدی خۆشەویستی)

### بێ بەش

بەردە ڕەش
لە ناو ئاتوونی قۆڵکان
زێڕ..و..زیو..ئاسن
تێکەڵاوی بێ بەش
وەک هەنگوین..سەنگین..ڕەنگین
دروستکراوی ئاخ..و..زاخ

سۆلی مارسین
2006\7\13



## کار مامز

گەردنی کار مامزی گەردوون
جوانترە..لە باڵا کۆشکانی نیویۆرک
ساردی بەفری قەندیل
گەرمترە لە هاوینی دوبەی
خودا...تەنیا یەزدانە
کوردستان...تەنیا وڵاتە!

سۆلی مارسین\افصل موسیقی
2006\3\13

## جوانترە...

خانووە...روخاوەکانی
باپیران..لە قەڵا
جوانترە...
لە باڵا خانووەکانم
کڵاوی...داپیرم
بە حشمەت ترە
لە حیجابی خوشکانم
ولە عەبای ...و...سروشتی .. ئیستا
عاداتی عەرەب
مەکەن بە ئەساسیاتی ئاین
کە پێغەمبەر..لێ ی هەڵات
چاغ داشی کرد

2006\7\22




## کولتور

لەچار...چێوەی
دونیا
بۆتم هێنا کوردستان
تێکەڵاوی هەموو...
خەون
دەروون
دەسەڵات
کولتور
زانست
هێز
ئاوەدانی
ئاین
بۆ...تۆیە
کوردستان یان...ئاوەدان

2006\7\22

## خۆشەویستی...کار

(1)
لە ژاپۆنەوە
بۆت هاتم
کوردستان



ڕەوشت...خۆشەویستی...کار
روحانییەت...مادیەت
هەنگی مەدەنییەت
(2)
لە ئەمریکاوە
بۆت هاتم...کوردستان
خۆشەویستی بەژیان پەروەردە
نێش...و...سەما
بە تەنیایی بە تەما
ئاوەدانی ماڵ...ساغی حاڵ
(3)
لە جێرمانەوە
بۆت هاتم...کوردستان
هند...ئەوروپی
خاک خۆشەویستی
ماڵ رەحەتی
ژیان..جوانی بە ڕاستی
لە مەککەوە
بۆت هاتم...کوردستان
یەک خودا ناسین
ئارامی
یارمەتی
سەربەستی
هێزداری ئاینی ڕەوشتی ئیسلام


2006\7\22


الارض كائن حي

## ئاسوودەیی ماڵ

کوردستان..
ناوەندی دونیا
ئاسوودەیی ماڵ...ناوی ماڵە
هێزی ناوەندە
باڵی دونیای باڵندە...کارەساتی ماندە
تەوزانی رۆژهەلات و..ئاوا
فارس...و...رۆم
زەردەشت...و...گاور
***
ئیسلاممان ئاوەدان کرد
هندستانی فەتح کرد
***
بەرەو ...رۆژ...رۆیشتین
خۆرمان خۆر کرد
ژیانمان ئاوەدان کرد

2006\7\22



## ماف

لە...هەلوزی جاف
ئاوەدانە...ماف
هەلەبجە...بزاڤ
ئاگر...و...ئاف
خەرمانی ماف

2006\7\22

## ماستاو

کانی...ماران
مار...و...ژار
دار...و...بار
بەروەزیخی ئاوی
لە تیشکی دەبریقێ خاوی
چەند بە تامە ماستاوی

2006\7\22



## هاوین

هەوری هاوین
هەناسەم هانی هاوینی هەورە
هاری هەنگ هاوسەری هاندانە
هاواری..هەموومانە
هەنجەتی هاوڵاتیانە
هۆشمەندانە
هاورێ...

مارسین\توركیا 16\6\2004

## خێر

شەر نەكەی..خێرت ناگاتێ

16\6\2004 مارسین \توركیا

## سكون

مۆسیقا..
فریشتەی ئاوازی ئاسمان
شەپۆلی
بەرز...و...نزم
ئەلەرزێتەوە...بۆ...سكون
***
لەم..سكونە



هەست ئەخولقێ...و...ئەحەسێتەوە
هەستی...گیاندار
فریشتە
جەماد
❊❊❊
نا..لێرەیە خولقاندن
لەرزەیی شەپۆلی بەرز...نزم..سکون

2004\12\16

## مەی

چاو جوان
جامی مەی
شانازی...مان
ئاوەدانی
ئاوەدانی..ژان

2007\1\12

## غەم

لێرە...ڕێبواری...غەریب
غەمی دونیا...باری ...بوو
لەوەی...
ژانی...ژینی
باری ...بوو

2007\1\13



## ماڵ..ئاوا

(1)

تیر ...نەبووم
لە دیتنت
ماڵ..ئاوا
لە وێنەت

2007\1\12


(2)

ساڵی...جارێک
لە عومر...جارێک
باڵم...بە باڵت
بکەوی

(3)

ئارەزووی دڵم
بە ئارەزووی دڵت
جووت ببینی
بێ ژان..فریاد بی

2007\1\12




## سەرپۆش

**شانازی بە سامانی بن خاک ئەکەن**
**بەوەی کمیان..سەرپۆش ئەکەن**
**چیان دروست نەکرد لەسەر زەوی**
**بەدەست کاری..خۆ ڕەوی**

**هەولێر** 2010\1\11

**مال دریم سیتی**



## فەلسەفەی ژیان..

هێزی خودا
لە ناوماندایە
ئاگرو..ئاو
نیوترۆن و..پرۆتۆن
DNA...کۆدمانە
فەلسەفەی رۆمان
ئاو..ئاگر..هەوا..خاک
چارچێوەی...مێشکیانە
ئێستا ئارتەشی ژیان
نێر..و..مێ
صفر...یەک
هێز..خودا
لەو..دایە

مارسین 2007\3\10

## ئازادی..

پاک...پاکژە
ئاخی...تامی
ئازادی..ئازادی
وا..سیرە..سانایی
بروایی

مارسین-سولی 2007\3\11



## یەکەکان..

یەک..یەکێتی..یەکتان
هەموو..بوون...بە...یەکەکان
سفر..هەتا...نۆ...نۆزدە
ئێستا...سفر..یەک...بەدەستە
سفر..یش..هەڵگیرا
تەنیا..یەک..بەدەستە
یەک..یەک..هەموو یەکەکان
یەکیان..لەناوە..لەباوە..لە داوە
یەکێتی..یەکەکان
هەڵمەتی خودایە
خودا..یەکە
هەموو...یەکەکان..لە ناوی دایە

2007\8\28

## دەبێ..

فەرق..ناکا...بۆ..من
کەسیان..دوژمنم..نین
من نازانم...
دوژمنایەتی ..چییە...

***

خۆشەویستی..نەبێ
هەموو..ئەوی تریان
نەزانین

2008\8\28



## خاکی کوردستان

نەورۆز
شۆڕش
مەشخەڵە
ئاوەدانی
خوێن..ئاگر
ئارەزووی شارستانی
هەڵمەت
سەربەست
عیزەت
بۆ خاکی کوردستان

2008\3\21

## شێواز

شێوازی سەردەم نییە !؟
نییە..نییە
بۆ ئاگاداری
لا توجد...في الطبيعة
اشكال مستقرة

2008\5\3


لا توجد ... في الطبيعة
أشكال مستقرة .

## شەیدا

چی شاعیرم...نە...هونەرمەند
شەیدایێکی ژانی کوردستانم
ئاراستەی خۆشەویستی
ئەکەم دەوڵەمەند

2011\11\7

## ئاگردان

ئاگری..ئاگردان...بووە خۆڵەمێش
ڤینی...ڤینیان..بووە خۆشەویستی
بە هێزی دژی ڤینی
ئاسوودە بوو...جوانی خۆشەوی


هەولێر 2010\11\7



ساتێ زانیم سامی کۆچی
دوایی کرد 10:16 ئێواره
بوو له 2010\11\11
هەولێر

## بۆ سامی شۆڕش

سامی ئەی شۆڕش
بحەسێوە..بحەسێوە..بحەسێوە
لە سکونی موتڵەق
لە یادمە 1965
لە گازینۆی سیروان...لە بن قەڵا
گەنجان...دۆمینەو...تاوڵە
ئێمەش کوردایەتی ئازارمان بوو
مڵاکی چای لە ناو پیاڵە
ئاوازی ئەی رەقیبمان بوو
کوردستان لە هەولێرەوە پێرەومان بوو
ڕێمان سەختی و ئازار
بەڵام هەتا... ئێستاش ڕێمانە
ڕێگامان...دوا منە
هەر ئەڕۆین..ئەڕۆین..ئەڕۆین
یەک دوای لەسەر ...ڕێ..ئەنیشین
ڕێگامان مەرگمانە
دروستکرنی ئاوەدانی کوردستانمانە
بنووە ...بۆ خۆت
سەد هەزاران...کەوتنە...ڕێمان
ئەوانیش ئەڕۆن...ئەڕۆن
داهاتوو...تیشک...خۆشەویستی
ئی..خۆمانە



## خۆشەویستیم..

1
خۆشەویستیم...
لە ژیان
لە مەحشەریش
خۆشەویستمی ئاواتم

2
لە ژێر سێبەری دادگار
ئەلێم خۆشەویستی
خۆشەوی...خۆش..ویستی
ئەمەویَ لێت خۆشەویستم
لێرە تەنیا تۆی
پەخشی ویستم

3
پێم ببەخشە..خۆشەویستم
تا بژین..لە خۆشەویستی
بە بیَ کات..بە بیَ شوێن
بیَ کۆتایی..لە سکونی موتڵەق
پێکەوە...ببینە...مان
مانی ..هەتا..هەتایی

هەولێر\نەورۆزی 2007



## سڵاو..

ناز..بەناز بفڕە..لەناو
شەهیدان
پێیان بگەیەنە سڵاو
ئەی بەیداغی هەتاو

2010\3\26


## باران..

ئارەزوومە...باران بباری
لە دەریایی...ئاوم
لە ژێر چەتری خۆشەویستی خودا
لێ ی بپاڕێمەوە
بمانبەخشە..

## ژیان..

لە ڕۆژ دروست بوون
لە پەنگری ئاگر سارد بوون
ژیان هەڵقوڵا
لە هەزار دەرەجەوە بووە سەهۆڵ
هێزی دینامیکی ئەتۆم
بووە بەڕەڵلا
لەم نوقتەی موتڵەقە(+)..(-)
دروستیان کرد ژیان

2010\6\10



## تەنگە نەفەسی

هەناسە..
تەنگە هەناسەی باپیرەم
توتنی بتوین بوو
کاغەزی قەمیشی مووسڵ بوو
تەنگە نەفەسی..من
نەزانین..زانستی وان بوو
زانستی...نەنووسراو
لەیەکتر..بڕاو
2010\6\10 ماڵ-هەولێر

## تەمبەلی..

تەمبەلی..من..کاری
چاردە ساتیە
کارگێڕیان
ماندوو بوونی..دوو ساتیە
2010\6\10



## دیل..

بە حەلقەی...ئەنگوستم
بەند..بووم
بە دوو گرام...زیو
دیل..بووم
گرامی زیو...تریلیۆنات ئووتم...
هەمووی کاری لە دڵ..و..مێشکم هەیە
بۆیە بەند...و...دیلم
بەتووە..

2010\6\10

## فرمێسک..

جێم نییە..تێر لێ ی بگریم
فرمێسکم برژێ..وەک منال
شەرمەزاری...چاوەم
لافاوی دویی برژانگم
قوول ترە..لە قۆنکانی قینییان
بەڵام دەکری ناخەم..بویان

هەولێر..دریم سیتی 2010\9\10




## مۆسیقا..

مۆسیقا..جەنگ ئەوەستێنێ
ڤین...ئەسوتێنێ
خۆشی ...ئەچەسپێنێ
دروستکردنی خۆشەویستی دەدروێنێ
2010\6\10

## ئەستەق..

بەچی..حەقێک
زمانی دایکت
ئەنستقێنی
تۆ ئەبی..ئەستق
دایکت ئەلێ..تێ ی ناگەم
نازانم لە کێ فێربوون زمان
لە دایکتان..یان لە نستقەتان
نستقکردنی ...زمان
بۆ کەس نییە..ئێوە ئەلێن ئەستق
من ئەلێم...زمانی خۆتان بەئەرک نازانن
ئەی لەسەر گوێ قورسینە
لەسەر دڵ بێ کەسینە
مۆسیقای زمان..ئەزانینە
ئاوتان پیشاندانی ئەزانینە
وا ئەزانن



به سەق..مەق..ڕەق

***


ئێوە ..زمان ئەبەن بەرەو مردن
چی مێشک..چی گوێ..چی زومان
لێتان ئاگات...مانا
ئەی هەڵگری مەشخەڵی تەنیایی
ژیان..خۆشەویستی...بە هەموومانە

2010\7\5

## سێبەر..

وەرنە بن سێبەری داری ڕەحمەتی
وەرن..وەرن
ئەگەر منی حەساندەوە !
هەمووتان..وەرن
لە هەمووتان بێ بڕواتر...بووم
وەرن..وەرن
جێگای هەموومان هەیە
لە ژێر خۆشی خۆشەویستی

2010\7\11




## جیهانی میشک..

ئەی
هەموو فریشتەکان. و .. ئەجندەکانی
جیهانی مێشکم
گوێ بدەن..بە هەموو هێزتان
بیگوشن مێشکم
دەبینین سیمفۆنیای
خۆشەویستی دوای ژیان
مال- هەولێر 2010\11\19

## قۆلکان..

شیعر..ڕەسم
گەرمایی هەناوم
سارد ئەکا
***
وەک..پەنگری مەڵبەندی
زەوی
لە باتی بوومەلەرزە
گونەک ئەبینی
قۆلکانی لێ
دەر ئەچێ
ماڵ-هەولێر2010\4\4 mme



## ئافرەتان..

**شۆڕشی ئافرەتانی**
**کورد**
**گەڕاندییەوە مرۆڤایەتی**
**بۆ ڕۆژانی بەرد**
**ماڵ-هەولێر** mme 4\6\2010

## ناتوانم..

**ناتوانم..**
**خۆم دەربخەم**
**هەتا ..بۆ خێزانم**
**سووتاوە...ناخم**
**دەکوڵێ خوێنم**
**هەتا بە مردنم**
**رزگار نابم**
**لە فیکرم**

**ماڵ-هەولێر**2010\6\4 mme




## بم نێژن..

له زانكۆی جیهان
بم نێژن
به..بەردی سوورو ..سپی
كەسك...زەرد
ئاڵای كوردستان
قەبرم بڕازێنن
ماڵ-هەولێر mme 4\6\2010

## قەلەم شكان..

كاكه..كوڕی باش
بۆیه..بەنده..وەندی
بەنده
خۆت..فرۆشت
هەر..وەک..!!
فیكرو..قەلەمت
شكا..
ماڵ-هەولێر2000\4\6 mme




## قەپێلک..

ئەتوو..ناتوانی
بە تەنێ..نی
ناخی ...ناوت ئازاد بکەی
لەناو..قەفەسی
خۆت..و...بۆ تۆیان
بە ڕەزامەندیت
لەناو قەپێلکی ئەوان
ناشتراوی

مال-هەولێر2010\6\4 Mme





ناوی کتێب: وشە دەچێنم..
دانەر: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
تیراژ: 1000 دانە.
چاپخانە: لە دەرەوەی هەرێم
ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی 2615 ی ساڵی 2011 ی پێدراوە